# ديموك تاتۆرى

حسن حسين

ئێستاكە دەتوانین بڵێین كە دەسەڵاتی كوردی لە چەسپاندنی دیموكراسیەتە ناوازە و بێ وێنەكەیدا بە ڕاستی نمونەییە ، ئەی ئەوە نیە پاش چواردەساڵ لە ڕەخنەگرتن لە سیاسەتی ففتی ففتی و دابەش كردنی دەسەڵات لەنێوان یەكێتی وپارتیدا دیسانەوە هاتینەوە سەر بای بەڕە كۆن ؟... ئەی ئەوە نیە بەرپرسە حزبی وحكومیەكان و دام ودەزگا ڕەسمی وناڕەسمیەكان بەردەم دادگاكانیان گرتوە لەدژی پێشێلكردنی مافەكانیان كەلەلایەن ڕۆژنامەنوس وقەڵەم بەدەستە گێرەشێوێنەكانەوە ئەنجام دەدرێت ؟ ئەو نوسەر ورۆژنامەنوسە بێ چاو و ڕووانەی كە بەڕەخنە كردنی شێوازی فەرمانڕەواییان و دركاندنی هەندێك ڕاستی تاڵ مەزاجی ناسك و ئاڵۆزەنگیان تێكدەدەن. بەڕاستی ئەم دیموكراسیەتە هێندە ناوازەیە كە نەلەنێو سیستمە دیموكراسیەكانی ڕۆژئاوادا جێگەی دەبێتەوە و نەلە نێو سیستمە دیكتاتۆریەكانی ئەم ناوچەیەشدا ، بۆچی؟..ئەم دیموكراسیەتە لەنێو سیستمە دیموكراسیەكاندا جێی نابێتەوە ، زۆر بەسادەیی چونكە هەتا ئێستا قایل نەبووە بە چاودێریكردن و ڕەخنەكردنی دەسەڵاتەكەی لەلایەن دامەزراوە و ڕێكخراوەكانی كۆمەڵی مەدەنیەوە ، بگرە ڕێگریشە لەبەردەم دروست بوونی كۆمەڵی مەدەنیدا، لەنێو ئەوسیستمانەی كەبەدیموكراسی ناودەبرێن ئەوبەرپرس و فەرمانڕەوایانەی كە ئەدائیان خراپە یاخود پلە وپایەكانیان بەمەبەستی تایبەت ( شەخسی بێت یان حزبی ) بەكاردێنن لێیان دەپرسرێتەوە یان دەدرێنە دادگا ، بەڵام لەم دیموكراسیەی ئێمەدا بەرپرس و فەرمانڕەواكان سەرباری هەر ئەدائێكی خراپ و گەندەڵیەك هێشتا ئەوان كۆمەڵگا دەدەنە دادگا ، چونكە بردنی ڕۆژنامەنوس و نوسەرانی بێ لایەن و حەقبێژ بۆ بەردەم دادگا وەك ئەوە وایە كە كۆمەڵگات دابێتە دادگا چونكە لێرە بەتەنها ڕۆژنامە هەیە كە قسە لەسەر كەم و كوڕیەكانی دەسەڵات بكات واتە بەشێوەیەك لەشێوەكان نوێنەرایتی بەرژەوەندی و مافی گشتی دەكەن .

بەهەمان شێوەش ئەم عەقڵیەتە سیاسیە لەنێو سیستمە دیكتاتۆریەكاندا جێی نابێتەوە چونكە دەیەوێت لەڕێگەی بانگەشەی دیموكراسیەوە لە دەسەڵاتدا پشكێكی هەبێت دیارە دیكتاتۆریەتیش لەبنەڕەتەوەلەگەڵ پشكدار بوون لەدەسەڵات و بانگەشەی دیموكراسیدا ناتەبا و نەگونجاوە. بۆیە دەسەڵاتی پارتی ویەكێتی سەركەوتوبووە لە دروستكردنی وێنەیەكی ناكۆك و ناوازە لەو دیموكراسیەتەی كە بەگشتی لەجیهانی ئەمڕۆدا باوە. حكومەت تەنها بۆ شەرعیەتدان بە دەسەڵاتە خۆسەپێنەكەی پێویستی بە دەنگی خەڵكیە و دەگەڕێتەوە بۆڕای گشتی. ئەگەر حكومەت گەندەڵی هەیە ئەوا تەنها بۆ بەرپرسی حزبی و حكومی هەیە باسی لێ بكەن ، خۆ بەشار ئەسەدیش هەر لە سەردەمی باوكی مەرحومیدا هەڵمەتی پاكسازی و نەهێشتنی گەندەڵی جاڕدا، لێرە ناعەدالەتی كۆمەڵایەتی هەیە بەڵام بازنەیەكی سووری بەدەوردا كێشراوە كەكەس بۆی نیە توخنی بكەوێت تەنها بۆ حزب هەیە باس لە دابەش كردنی سەروەت و سامان بكات ئەویش تەنها ئەو كاتەی كە ململانێی سیاسی و شەڕەكانیان بیخوازێت . ئەگەر پێشتر دەسەڵاتی كوردی شێوازی دیموكراسیەتی گوێ نەگرتنی پیادە دەكرد، واتە تۆ بۆ خۆت بڵێ و منیش نایبیستم ، ئەوا هەنوكە فەرمانڕەوای كوردی دیموكراسیەتی دەنگم بدەرێ و دەنگیش نەكەیت پیادە دەكات، واتە لەكاتی دەنگداندا دەنگم پێ بدە بەڵام لە چۆنێتی حوكم كردنمدا دەنگت نەیەت. لە ڕاستیدا دیموكراسی كوردی خەڵكێكی سەرلەقێن و دەم بەستراوی دەوێت.